

بەشی پێنجەم

# کورتەیەک لەسەر هەندێ کۆمپانیای ئایتی
# کۆمپانیای سیمێنس Siemens

ئاراس نوری - ئەلمانیا

کورتەیەک لەسەر دروست بوون و گەشەسەندنی

- ساڵی ١٨٤٧ ئێرنست ڤێرنەر سیمێنس Ernst Werner Siemens لە بەرلین بە هاوکاریی لەگەڵ یوهان هالسکە Johan Georg Halske دامەزراوەکیان بۆ کاری تەلەگراف بەناوی Siemens & Halske دامەزراند.

- ساڵی ١٨٤٨ یەکەم هێڵی تەلەگرافیی لە ئەورووپادا لە نێوان بەرلین و فرانکفۆرتدا دروست کرد.
- ساڵی ١٨٥٠ کارل برای ڤێرنەر سیمێنس لە بەریتانیا کۆمپانیا Siemens Brothers Co ی دامەزراند، ئەم کۆمپانیایە لە ساڵی ١٨٥١ بەدواوە لە وڵاتی رووسیا لە بنیاتنانی تۆڕێکی تەلەگرافیدا دەست بەکاربوو.

ساڵی ١٨٥٥ سیمێنس لقێکی کۆمپانیاکەی لە سانکت پیتەرسبورگ دامەزراند لەسەر دەستی کارل، لەپاشاندا برایەکی تریان بەڕێوەبردنەکەی گرتە ئەستۆ.
ئەم لقەی سیمێنس توانی ساڵی ١٨٨٣ کارگەی دروست کردنی کێبڵ و گەیاندن بنیات بنێت.
ساڵی ١٨٦٣ کارگەی دروست کردنی کێبڵ و بەستەری گەیاندن بنیاتنا لە بەریتانیا.
ساڵی ١٨٦٦ بنچینەی داینەمۆ - ئەلیکترۆنیی داهێنا، کە کەرەسەیەکی خاوی دروستکردنی کارەبابوو لە رێگەی ئەلیکترۆناوی کردنەوە.ئەمەبووەهۆکارێک کە سیمێنیس لەدوایدا لە بواری دروست کردنی گڵۆپ و شەمەندەفەردا کارا بێت.
ساڵەکانی ١٨٦٧ تاکوو ١٨٧٠ هێڵی تەلەگرافی ئیندۆئەورووپی بنیاتنا، ئەمە پرۆژەیەکی گەورەی نێودەوڵەتی بوو لەو سەردەمەدا.
ساڵی ١٨٨٢ عەرەبانەیەکی گواستنەوەی داهێنا کە بەکارەبا دەجووڵا بە درێژایی ٥٤٠ مەتر، ڤێرنەر ئەم پرۆژەیەی بە ناوی Electro-Motte ناونا.

ساڵی ١٨٩٢ یەکەم لقی سیمێنس & هالسکە لە شاری تۆکیۆ لە یابان کرایەوە، لە پاشاندا بووە هۆی پێکهێنانی چەندین بەشی تر لە ناوچەی ئاسیادا.
ساڵی ١٨٩٩ پاسی سەر سکەی (شەمەندەفەری شەقامەکان) دروست کرد.
ساڵی ١٩١٢ دەستی کرد بە بەرهەمهێنانی ماتۆری فڕۆکە.
ساڵی ١٩٢٠ پاش جەنگی جیهانی یەکەم، یەکێک بوو لە پێنج گەورەترین کۆمپانیای ئەلیکترۆنی.
هەر لەوساڵادا هاوبەشی کرد لە دروستکردنی کارگەی گڵۆپ


Ernst Werner Siemens

بەناوی ئۆسرام Osram ەوە.
ساڵی ١٩٢٥ بەشی تەکنیکی پزیشکی کردەوە، کە تایبەتمەندبوو بۆ دروست کردنی کەرەستە ئەلیکترۆنییەکانی ناو خەستەخانەکان.
ساڵی ١٩٣٩ سیمێنس نزیکەی ١٣٧٠٠٠ کارمەندی هەبوو لە هەموو بەشەکانیدا.

گەشەکردن و گەورەبوون سیمێنس بەردەوام بوو، کە هەنووکە تەنها لە ئەڵمانیادا لە ١٢٥ جێگە دامەزراوە و بەشی هەیە، لە ١٩٠ وڵاتی جیادا بنکە و دامەزراوەی هەیە کە نزیکەی ٤٧٥ هەزار کارمەند (سەرژمێری تاکوو سەرەتای ٢٠٠٧) کاری تێدا دەکەن، لەم هێندە زیاتر لە ١٦١ هەزار کارمەندی بەتەنها لە

ئەڵمانیادا دەستبەکارن کە نزیکە ٣٤٪ ی کۆی گشتی هەموو دەکات.

**بواری کاری کۆمپانیای سیمێنس**

سیمێنس لە شەش بواری سەرەکیدا رۆڵی خۆی دەبینێت، کە لەو بوارەنەیشەوە چەندەها لق و بەشی توێژینەوە و دروستکردنی تری هەیە:

-زانیاریی و گەیاندن Information & Communication
- کۆنترۆڵ کردن و خۆکاریی Automation and Controling
- ووزە Power
- گواستنەوە و هاتوچۆ Tranportation
- تەکنیکی پزیشکی Mediacal
- رووناک کردنەوە Lighting

**سیمێنس - نیکسدۆرف Siemens-Nixdorf**

لە ساڵی ١٩٩٠ دا بەسەرمایەی ٥١٪ هاوبەشی کرد لە دروست کردنی Nixdorf Computer AG کە کردی بە کۆمپانیای هاوبەشی سیمێنس-نیکسدۆرف بۆ کاری تەکنەلۆژیای زانیارییەکان. ئەم دامەزراوە دەیان پرۆژەی دروستکردنی کۆمپیوتەر و نەرمەکاڵای بەرهەم هێنا، ساڵی ١٩٩٩ نیکسدۆرف تەنیا مایەوە و بوو بە Wincor Nixdorf International GmbH

**فوجیتسو - سیمێنس Fujitsu Siemens**

دوابەدوای جیابوونەوەی سیمێنس لە نیکسدۆرف ساڵی ١٩٩٩، ریککەوتنێک مۆرکرا لە نێوان فوجیتسوی ئەوروپا Fujitsu Computers Europe و سیمێنس بەشی بەرهەمهێنانی کۆمپیوتەر Siemens Computer Systems، لەوکاتەوە وەکوو پرۆژەیەکی هاوبەش بەرێوە دەچێت لەنێوان دوو کۆمپانیای ناوبراو دا بۆ دروست کردنی کۆمپیوتەر.

FSC گەورەترین دامەزراوەی بەرهەمهێنانی کۆمپیوتەرە لە ئەورووپادا و، چەندین بەشی هەیە لە ولاتی جیاجیادا، لە رۆژهەلاتی ناوەراست و ئەفریقایش بەشی هەیە.



لە ئامێرێکی بچووکی Personal Digital Assistant - PDA تاکوو کۆمپیوتەری گەورە Mainframe. ساڵی ٢٠٠٦ بەشی کار و خزمەتگوزاری سیمێنس Siemens Business Servicesی کری (کە هەنووکە بە راژەکانی تەکنەلۆژیای زانیاریی IT Solutions and Services ناسراوە). FSC نزیکەی ١١٠٠٠ کارمەند کاری تێدا دەکات و بەرێوبەرایەتیی لە ولاتی ئەڵمانیا نیشتەجێیە.

**رایەڵەی نۆکیا سیمێنس Nokia Siemens Networks**

لە ١.٤.٢٠٠٧ سیمێنس و نۆکیا دامەزراوەیەکی هاوبەشیان راگەیاند کە بنکەکەی لە فینلەندایە، کاری ئەم دامەزراوەیە لەبواری مۆبایل و تۆرەکەیدا خۆی دەبینێتەوە. بەپێی ئەو ئامارەی نۆکیا ئاشکرای کردووە، ٦٠٠٠٠ کارمەند لەم دامەزراوەیەدا کار دەکەن.

## سەرمایە

ساڵی ١٩٦٢ سەرمایەکەی ٥.٤ ملیار مارکی ئەڵمانی بووە. ساڵی ١٩٨٧ سەرمایەکەی ٥١.٤ ملیار مارکی ئەڵمانی بووە. ساڵی ٢٠٠٥ سەرمایەکەی ٧٥.٤٤٥ ملیار ئیورۆ بووە. لەمە ٣.٠٣٣ ملیار ئیورۆی قازانج بووە. ساڵی ٢٠٠٦ سەرمایەکەی ٨٧.٣٢٥ ملیار ئیورۆ بووە. لەم برە ٢.٢ ملیار ئیورۆی قازانج بووە.

سەرچاوە:
http://www.siemens.com